ئایا كەركوك تەنها شاری كوردو توركمانە؟

عەلی مەحمود محەمەد

بەڕێز ستار تاهیر شەریف وتارێكی لە ٨بەشدا لە رۆژنامەی ئاسۆ بڵاوكردەوە لە ژێر ناوی برایەتی كەركوك شاری كوردو توركمانە ،هەر ناو نیشانی بابەتەكە سەرنج راكێشەو قسەو باسی زۆر هەڵدەگرێت، خوێنەرانی كورد لەو پەڕی دەمار گرژی نەتەوەییانەوە بۆ ئەو پەڕی ئەنتەرناسیۆنالیستیان بە بێ ئەوەی ناوەرۆكەكەی بخوێنێنەوە، هەڵوێست لە بەرامبەری وەرەگرن، تونددڕەوەكانی دژ بە هەر برایەتی پەیدا كردنێك بۆ خاوەنداری شارەكە، ئەنتەرناسیۆنالیستەكانیش دژ بە بێبەریكردنی نەتەوەكانی دیكە لەو برایەتییە.

كەركوك ئەو شارەو ناوچەكەی ئەو جوگرافیایەیە لەمێژووی كوردستاندا هیچ پنت و شارێك بە ئەندازەی ئەو ناو دروشمی بۆ دانەتاشراوەی لە دڵو قیبلەو قودسەوە بۆ برۆكسل و ناوی دیكەش بەرێوەبە.هۆكاری ئەمەش ئەوەیە دۆزی كەركوك تا ئێستا دۆزێكی زیندووە لە ئاستی جیهان و ناوچەكە و لەناو كۆمەڵگەی كوردیدا بگرە كەركوك بۆتە سەنتەری تێكۆشانی بزاڤی نیشتمانی كوردستان، ئیجماعی كوردی هەیە بۆ تێكۆشان لە پێناو بە كوردستانی كردنی، مەلمانێی ئەمرۆكەش لەسەر ناسنامەكەی لەلایەن نەتەوە جۆربەجۆرەكانی دانیشتوانەكانییەوە كێشەی كەركوكی بە زیندویی هێشتۆتەوە لە داهاتووشدا زیاتر تینی پێ دەبەخشێت، بۆیە هەر هێزێكی سیاسی كوردستانی هەڵوێستی روون لەسەر كێشەی كەركوك وەرنەگرێت ئەوە لە رووی سیاسییەوە دۆراوە، هەر هەڵوێستێكی هەڵەش ئەوا نەك كەركوك لە دەست دەدات بگرە خەڵتانی خوێنی دەكات.

وتارەكەی بەڕێز شێخ ستار لەوەی مێژووی سیاسی بێت بابەتێكی سەرگوزشتەیی یاداشتییە ، نووسینی ئەم شێوە بابەتانە سەرچاوەیەكی گرنگ بۆ خوێندنەوەی پەیوەندییە ئابووریو كۆمەڵایەتیو سیاسیو فەرهەنگییەكان لەم شارە لە ناوەراستی سەدەی رابردوودا بە مەرجێك دوور لە قینی سیاسیو نەتەوەیی نوسرابێتەوە بێڵایەنانە مامەڵە لەگەڵ رووداوەكان ولایەنە سیاسییە چالاكەكانی ئەو كات بكات.

ئامارەكانی دانیشتوانی شاری كەركوك لە ئێستار سەرتای سەدەی رابردووەوە ئەوە دەرەخات كە كۆمەڵێك نەتەوە پێكەوە ژیاون، هەندێكیان وەك كوردو ئاشوورو كلدان و سریان و جولەكە مێژوی كۆنیان لەم شارە هەیە و بەشێكی وەك توركمان و عەرەب مێژووی ناوەندو نوێیان هەیە.ئەگەر عەرەبەكان لەسەرتادا رەوەند بوون لەناوچەی كەركوك لە سیو پەنجاكاندازۆریان جێگیر بوون، كۆمپانیای نەوتی كەركوك و لەوەڕی ناوچەكە سەرنجیانی راكێشابێت بۆ جێگیر بوون لەناو شاری كەركوك و پێدەشتە ئاوەدانەكانی حەویجە ، توركمانیش بە هەمان شێوە چەند سەدە لە پێشتر وەك بەشێك لە سوپاو دەزگای بەڕێوەبەرایەتی دەولەتی داگیركەر لە قوڵینلەوە قەرە قۆینلۆوە بۆ عوسمانی سەفەوییەكان لە كەركوك و دەورو بەرەكەی جێگیر بوون. دەتوانین بڵێین توركمان و عەرەب لە دوو قۆناغی جیاو هەندێ كات هاوكات لە كەركوك و دەورو بەرەكەی جێگیر بوونە ، زەمینەی نیشتەجێ بوونی هەردووكیان هاوبەشە تەنها كات لە نێوانیاندا جیایە. كاتێك توركەكان بااڵ دەست بوون بەسەر جیهانی ئیسلامیدا توركمانەكان لە تەواوی ئەو هێڵانەی ڕێگای بازرگانیو سەربازی نیشتەجێ بوون،لەو سەرو بەندەدا بازرگانیو دەسكەوتی غەزەواتەكان بڕبڕەی پشتی ئابووری ولاتانیان دیاری دەكرد. پاش هەڵوشانەوەی خەلافەتی عوسمانیو دروست بونی دەوڵەتی عیراق قۆناغێكی نوێ لە نیشتەجێبوونەتەوەی سەر دەست دەست پێدەكات ئەویش قۆناغی بە عەرەب كردنە لەبڕی تورككردنی رابردوودا، ئەمجارەیان لە بری توركمانەندنی شارو شارۆچكەو ڕێگە بازرگانییەكان،عەرەبانەندنی ناوچە كشتوكاڵیو نەتەوەییەكان دەست پێدەكات. لە نیشتەجێ بونی لە ڕێگا بازرگانیو سەربازییەكانەوە بۆ نیشتەجێبوون لە زەویە بە پیت و ناوچە نەوتەكان، كەواتە زەمینەی نیشتەجێ بونی عەرەب و توركمان لە كەركوكدا یەكە ئەویش كۆنترۆلكردن و دەست بەسەراگرتنی ناوچە ستراتیژییە ئابووریو سەربازییەكانە ، كە لە سەردەمی بەعسدا گەیشت بە ترۆپك ئەویش گۆڕینی تەواوی پێكهاتەی نەتەوەیی شارەكەیە. بەڕێز ستار تاهیر شەریف ئەگەر چەند سەدەیەك لەوەو پێش بژیایە ، لەو كاتەدا نەتەوەیەكی دیكەی بۆ برایەتیەكەی شاری كەركوك هەڵدەبژارد نەك توركمانی جێبەجێكەری نەخشەكانی ئیستیتاتنی عوسمانی، بەچاوی خۆی دەیبینی چۆن تورەكان لە ئاسیای ناوەراستەوە لە دووری هەزاران كیلۆمەترەوە نەك دەیان و سەدان كم وەك عەرەبەكان دەهێنران لە شوێنە ستراتیژییەكان كوردستان جێگیر دەكران. ئەگەر ئەمرۆ نەوت و خاك و ئاو هۆكاری چار تێڕینی ناسیۆنالیزمی عەرەب بێت بۆ تەعریب كردنی كەركوك و شارو شارۆچكەو ناوچەكانی كوردستان، لەو سەرو بەندەدا بازرگانیو قەاڵو سەربازگەكان و سەربازگیریو جزییە و زەكات و بە دەست خستنی جاریە هۆكاری تەتریك كردن بووە.

پێش ٩-٤-٢٠٠٣ كێشەی كورد لەسەر ناسنامەی نیشتمانی كەركوك لەگەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەبدا بوو كە بەعس نوێنەریەتی دەكرد لە عیراقدا. هەرچەندە لەناو نوخبەی سیاسیو رۆشنبیری توركمانیشدا لەسەر ناسنامەی كەركوك ملمالنێی توند هەبوو، بەاڵم بەهۆی ئەوەی هەردوو گەل ڕاستەوخۆ كەوتبوونە بەر سیاستی تەعریب،دروشمی دوژمنی دوژمنەكەم دۆستمە هەندێك گەرمی نێوان ملمالنێی هەردوو الی سارد كردبووە، ئەوانەی بەو كێشانەوە سەرقاڵ بوون كەمایەتییەكی زۆر كەم بوون لە نوخبەی سیاسیو ڕۆشنبیری. ئەگەر كێشمە كێشی دوێنێ لەسەر ناسنامەی كەركوك تا پێش ٩-٤-٢٠٠٣ وەك ئاگری بن كا شاراوە بوو، ئەوا دوای ٩-٤ هەموو ملمالنێكان ئاشكرا بوون و كوتنە روو، كێشەی كەركوك لەشەڕی بەڵگەنامەی نوخبەی سەر میزوو ناو نوسینەكانەوە بووە شەڕی جەماوەر لە سەر شەقام، ملمالنێ لەسەر كۆنترۆڵ كردن بوو بە ملمالنێ لە پێناو بە خاوەن بوون، لەجیاتی ئەوەی گفتوگۆو بەیاننامەكان لە ئەنقەرەو هەولێرو لەندەنەوە دەرچن و ئەنجام دەدرێن، ملمالنێ كەوتە سەر شەقام. لە دوای ٩-٤ەوە توركمان لە ئۆپۆزیسیۆنی ناچالاكەوە بوون بە ئۆپۆزیسیۆنی قسەكەری چالاك دژ بە ڕەوتی كوردستانی بوونی كەركوك، لە كەركوكیشدا بوونە مەركەزیترین و ڕێكخراوترین هێز كە بە نەخشەی وردەوە كاردەكەن لە پێناو بە كوردستانی نەكردنی كەركوك، بگرە حاشا لە ڕێژەی بوونی كوردیش دەكەن لەم شارەدا، ملوێنان نووسینی وەك ئەوەی شێخ ستار زەریەك لە هەوڵدانیان بۆ گەیشتن بە نەخشەكانیان ساردیان ناكاتەوە ، لەوەی لەمپەرێكی بەهێز بن لەبەردەم كوردستانی بوونی كەركوك. ناسیۆنالیستی عەرەب لەم سەرو بەندەدا خۆیان تا ڕادەیەك بێدەنگ كردووەو لە دووڕەوە سەیری كێشمەكێشمەكە دەكەن، ئەوان شەڕی عیراق بوونی كەركوكیان بە توركمانە ناسیۆنالیستەكان سپاردووە كە بەڕەی توركمانی نوێنەرایەتی دەكات. لێرەدا ناسیۆنالیزمی توركمان و عەرەب ئامانجیان هاوبەشە لەسەر ئەوەی كەركوك ببێتە بەشێك لە عیراق، توركمانەكان لەوە گەیشتوون لە عیراقدا ڕەهەندێكی جوگرافیایی تایبەتیان نیە تا دایین بۆ دروستكردنی نیشتمانێك بۆ خۆیان، دەزانن ئەوەی باسیشی دەكەن لە جوگرافیای توركمانستان لە تەلەعفەرەوە بۆ هەولێر و مەندەلی راستی تێدا نیە بۆیە دەبێت لە نێوان كوردستان و عیراقدا یەك هەڵبژێرن، عیراقی بوونی باشترین هەڵبژاردنە بۆیان. بەهۆی پاشكۆیەتیی سونییەكانیان بۆ توركیا و شیعەكانیش بۆ ئێران، جێبەجێ كەری ستراتیژی ئەو دەوڵەتانەن لە عیراق، ڕێگری دروست كردن لەبەردەم دروست بوونی دەوڵەتی كوردستان تەنانەت فیدرالیش لە ئەركە یەكەمییەكانیانە ، نەك سەركەوتنی كورد لە داهاتوودا كێشە بۆ ئەو دەوڵەتانە دروست بكات لە وڵاتەكانیان، بەم شێوەیە وڵاتانی ناوچەكە لە ڕێگەی هەندێك هێزی توركمانییەوە شەڕی داهاتووی‌خۆیان لە ئێستادا ئەنجام دەدەن.

نازانم جیاوازی نێوان عەرەبی ڕەسەن و نا ڕەسەن، یاخود توركمانی ڕەسەن و نارەسەن، یان كوردی ڕەسەن و نا ڕەسەن چییە ، ئەوەی ئەمرۆ نا ڕەسەنە سبەی بە تێپەڕ بوونی كات پاش دروست كردنی مێژوویەك لەسەر ئەم نیشتمانە دەبێتە ڕەسەن، ئەو توركمانەی ئەمرۆ ڕەسەنە سەدان ساڵ لەمەو پێش نا ڕەسەن بوو، ئەو عەرەبەی ئەمرۆ نا ڕەسەنە بە تێپەڕ بوونی كات پاش چەند نەوەیەكی دیكە دەبێتە ڕەسەن،ئەوەی دیوار لە نێوان ڕەسەن و نارەسەن دروست دەكات مێژووی نیشتە جێ بوونە لە شارەكە ، مێژووش كات دروستی دەكات.

ئەم بۆچوونەی كەركوك شاری برایەتی كوردو توركمانە ، عەرەبە ڕەسەن و نارەسەنەكان و نەتوە ڕەسەنەكانی لەو برایەتییە تا سەری ئێسك پڕین لە كێشمە كێشەی بێبەریو چ قازانجێكی كوردی تێدایە؟. ئایا ئەم دروشمە نەتەوەكانی نیگەران ناكات لە تایبەندیەك لە شارەكە ئەگەر كورد تیایدا بااڵ دەست بێت؟، ئەم دروشمە نابێتە هۆكاری دروستكردنی بەرەیەك دژ بە كورد؟ ئەوە لە ناوەڕۆكی نا مرۆڤانەی گەڕێ.

لە هەمان كاتیشدا لای توركیاو توركمانەكان و ناو بەرەی توركمانی لە باشترین حاڵدا كورد هەر نینۆكەكەی ئەردۆغانە ، كەی بكرێت فڕێدەدرێتە تەنەكەی زبڵەوە.

ئایا بێبەشكردنی نەتەوە دانیشتووەكانی دیكەی كەركوك خزمەت بە كێشەی كوردستانی بوونی كەركوك دەگەیەنێت؟ وەك باسمان كرد توركمانەكان بە هەردوو باڵەكەیانەوەشیعەو سونی، تەوژمی ئایینی نەتەوەیی ستراتیژی خۆیان هەیە بۆ كەركوك بە گوێرەی ئەژندای خۆیان كاردەكەن، دوای هەموو دانیشتنە دوو قۆڵیەكانیان لەگەڵ لایەنە سیاسیەكانی كوردی بە گوڕترین لە دژایەتی كردنی كوردستانی بوونی كەركوك.

ئەگەر كەركوك تەنها شاری كوردو توركمان بێت ئەوا نەتەوەكانیدیكەی جێگەیان چیینە لەم شارە؟ چۆن مامەڵەییان لەگەڵدا بكرێت؟ با بزانین بەڕێز شێخ ستار لەم بارەیەوە چی پێیەو چ بەڵگەیەكی بۆ بێبەری كردنیان لە مافی برابوونی لە هەگبەكەی هەڵگرتووە؟. نووسەر دەنوسێت:-

بە هەر حاڵ ئەتوانین بڵێین شاری كەركوك شارێكی كوردستانیە بەاڵم شاری كوردو توركمانە نەك عەرەب. بەهەر حاڵ ژمارەی كورد بە پێی ئەژمارەیكۆمەڵەی نەتەوەكان"عصبة الامم" دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عیراق لە شاری كەركوك ٦٣٪ ژمارەی توركمانیش لە كەركوك گەیشتە ١٩٪ ژمارەی عەرەبیش گەیشتە ١٨٪. ئاو بێنە دەست بشۆ، ئەم ئەژمارانە پێش ئەوەی دەستی چەپەڵی بە عەرەب كردن بگاتە شاری كەركوك. كەواتە بە توركمان و عەرەبەوە ڕێژەیان ٣٧٪بوو. نووسەر خۆی وەاڵمی ئەدرەسی خۆی دەداتەوە و ئەو دروشمەی بەرزی كردۆتەوە بۆ كەركوك لە شاری برایەتی كوردو توركمان دەپوكێنێتەوە ، ئەوەی كەمترین زانیاری لە ماتماتیك هەبێت نەك دكتۆرێكی وەك بەڕێزی دەزانێت جیاوازی نێوان ١٨٪و١٩٪ تەنها ١٪ نەك زیاتر بۆیە ئەگەر ١٩٪ برا بێت ئاساییە١٨٪ وەكە براش نەبێت بە موو لێوەی دوور نیە ، نازانم ئەم ڕێژەیەی بۆ برا بوونی كوردو توركمان لە كوێوە هێناوە؟ ئەم ئەنتی عەرەب بوونەی بەڕێزی سەیرە ، لەوانەیە بڵێت –ئاو شاری كەركوك عەرەبی كەم تێدا بوو زۆربەیان یان لە الدێكان دەژیان یاخود ڕەوند بوون، بۆیە ئەوان لەو برایەتییە بێ بەری دەكرێن، برایەتییەكە الدێنشینەكان ناگرێتەوە. ئەمە كێشەی كوردستانی بوونی كەركوكیشە لە بەرامبەر بە هانەو بەڵگەی ناسیۆنالیستە توركمانەكان، ئەوان ناسنامەی كەركوك بە دانیشتوانی ناوەندی شار دەخوێننەوە نەك بە میزۆو جوگرافیاو پێكهاتەی نەتەوایەتی دانیشتوانی گشت پارێزگا، ئامارەكان دانیشتوانی ناو شاری ساڵی ١٩٥٧ وەك چەكێك لە بەرامبەر كوردستانی بوونی كەركوك بەكاردەهێنن. دەیانەوێت چاوی خۆیان لە ئاست ئەوە بنوقێنن لە قۆناغی پێش سەرمایەداریدا شارەكان لە ئاستی جیهانیدا بچووك وڕێژەی الدێ نشینەكان بۆ كەركوك بۆ هەموو جیهان زۆر لەسەر بوو، لە ساڵی ١٨٠٠ لە جیهاندا نەك لە عیراق و كوردستان ڕێژەی شار نشینی تەنها ٣,٤٪ بووە لە ساڵی ١٩٢٠بووە بە ١٩,٣٪و لە ساڵی ١٩٩٥بووەبە ٤٥,٢٪ (جوغرافیا المدن – صبری فارس هیتی- ل٣٨-٣٩).

تورکە داگیر كەرەكان بە درێژایی سەدان ساڵ توركمانەكانیان لەشارەكان جێگیركرد بۆ جێبەجێ كردنی كارەكانیان، ئابووری ناوچەكەشیان خستە بەر دەستیان، پاشتریش لە سەردەمی پاشایەتیدا ئیمتیازاتەكانی خۆیان پاراست وپارێزگاریان كرد لە باڵا دەستیان بەسەر بازاڕو دەزگا دەوڵەتییەكان لەناو شاری كەركوكدا، بە تاستێك زمانی توركمانی بووە زمانی دەوڵەت و بازاڕ، لەو كاتانەدا چینە داراكانی كوردیش لە شێخ و بەگ و بۆرژواكان زمانی توركمانیان كردە زمانی فەرمی خۆیان. لە قۆناغی سەرمایەداریە بە شار نشینی كردنی دانیشتوان بە كۆچی جوتیاران لە الدێوە بۆ شار دەست پێدەكات، لەو قۆناغەدا جوتیارانی عەرەبی دەوروبەری كەركوك، بە هەمان شێوە جوتیارانی كورد ، بە دەوڵەمەندو كاڵاش خواریانەوە مافی خۆیانە بێنە ناو شارو نیشتەجێبن تیایدا بەمەرجێك سیاسەتی شۆڤێنیستانە لە پشت ئەم گۆرانكارییە دیمۆگرافیایی نەبێت. ناكرێت ئەو ١٨٪یەی عەرەبی كەركوك ئەگەر ١٨٠٪یش بێت لە برایەتیان بخات، وەك چۆن بۆمان نیە كریستان و جولەكە لە برایەتیی كەركوكی بوون بخەین و مافی هاوڵاتی بوونیان لێبسێنینەوە لە شارەكە لەبەر ئەوەی ژمارەیان كەمە. ئەگەر كەركوك بڕیش وایە شاری برایەتی بێت، وە كوردیش ئەو برایەتییە دیاری بكات، قازانجمانە نەتەوەكانی دیكەش لەو برایەتییە بێبەش نەكەین و نەیان كەین بە دوژمنی خۆمان، لە ڕوانگەی مرۆڤایەتیشەوە مرۆڤەكانی دانیشتوانی هەر شارێك بران و مرۆڤ دۆستەكان دەبێت نەفرەت لە بیری ڕاستیزم بكەن، پێویستە تەواوی دانیشتوانەكەی بكرێن بە برا نەك تەنها دوو گروپ . نووسەر بەردەوام دەبێت لە سەڵماندنی بۆچوونەكەی كە كەركوك شاری برایەتی كوردو توركمانە ئەگەر ئەو برایەتییە بە پینەو پەڕۆش دروست كرابێت. پێویستە لێرەدا بڵێین شاری كەركوك، شاری كوردو توركمان بوو، خۆ كەركوك وەك پارێزگا "لیوا" لەو سەردەمە لیوایەكی كوردی بوو، لەبەر ئەوەی زۆربەی زۆری دانیشتوانی لیواكە كورد بوون، جگە لەوەی پارێزگایەكی كوردستانی بوو. ئەگەر كەركوك لیوایەكی كوردیە شاری كوردو توركمانیەكەی لە پای چی؟ كاتێك شارێك تاپۆ دەكرێت لەسەر نەتەوەیەك ئەوە لە یەكسانی بوون بۆ هەموان دەكەوێت، دەشێت كەركوك كوردستانی بێت وەك بەشێك لە نیشتمانی كوردستان، هاوزەمان شارێكی فرە نەتەوەیش بێت،شاری برایەتی دانیشتوانیەكەی بێت وەك ئێستا لە گەرەك و بازارەكانی كەركوكدا دەبینین، هاوكات بكەوێتە چوارچێوەی جوگرافیای نیشتمانێكیشەوە كە خۆی داگیركراوە پێی دەڵێن كوردستان.

بە هۆی حەماسییەوە جار جارە سۆز پەلكێشی ناو دروشمی دەكات و تووشی هەناسە سواری دەبێت و دەكەوێتە ناو هەڵەی زمانەوانییەوە، لێی تێك چووە پارێزگاو لیوا دوونراون بۆ یەك شوێن لە دوو قۆناغ و سەردەمی سیاسی جیادا.شاریش هەموو كات بە پێناسی نیشتمانییەكەیەوە پێناس دەكرێت نەك زمان و نەتەوەوە.

نووسەر ئەوەندە پەلەیەتی لە تەسكییە كردنی برایەتی كوردو توركمان ئامارەكان تێكەڵ دەكات و لە شوێن خۆیان دایان نانێت، ئامارەكانی ساڵەی ٥٧ لەگەڵ ساڵی ٧٧ تێكەڵ بە یەك ئەكات، ئەمەش نیشانەی وردو نەبوونی نووسەرە لە نووسین و پەلە كردنییەتی لە پینە كردنی بۆچوونەكەی، لەگەڵیدا زیاتر لە عەرەب تونەدی دەكات و دەنووسێت:-

بەاڵم دوای ئەنجامدانی سیاسەتی بە عەرەب كردنی شارەكەو لیواكە لە ماوەی نیو سەدەدا، سەرەڕای ئەم سیاسەتە چەپەڵەی حكومەتە عەرەبەكانی یەك لەدوای یەكی عیراق، ئەبینین ژمارەی عەرەبەكان لە شاری كەركوك گەیشتۆتە ٢٧١٢٧ كەس و لە گشتی لیوای كەركوكیش گەیشتۆتە ٨٢٤٩٣ كەس، ژمارەی كوردیش گەیشتە ٤٠٠٤٧ كەس لە لیواكەش گەیشتە ٣٨٠٦٥ كەس. بەاڵم گشتی دانیشتوانی عەرەب لە لیوای كەركوك بە شاری كەركوكەوە گەیشتە ١٠٩٦٢٩ كەس و ژمارەی كوردیش گەیشتە ١٨٧٥٩٣ كەس و توركمانیش ٨٣٣٧١ كەس. لەگەڵ ئەمەشدا ئەبینین عەرەبەكان لە ٢٣٪ی دانیشتوانی شاری كەركوك بوون لە ساڵی ١٩٧٧و كوردیش ٣٥٪و توركمانیش لە ٣٩٪ بوون. سەرەڕای ئەوەی حكومەتی عیراق ژمارەیەك لە عەشایەرە كوردەكان و مەسیحیەكانی بە عەرەب ناونووس كردبوو، بۆ ئەوەی ڕێژەی عەرەب بەرز بكاتەوە، بەاڵم تەنها ئەم بەرز بوونەوەیە لە جشتەكانی ئەژمارەكان دیاری ئەدا ئەك لەسەر زەمینەی واقیعدا، هەرچەندە ئەم ئەژمارانەی سەرەوەش زۆر لە واقیعدا دوور بوون و لە راستیدا كوردو توركمان زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانی شاری كەركوك بوون و بگەڕێینەوە بۆ ئەژمارەی ساڵی ١٩٥٧ ئەبینین ڕێژەی كورد لە كەركوك ٤٨٪ بووە عەرەبیش ٢٨,٢٪و توركمانیش ٢١,٤بوون.ئەگەر وورد بینەوە ئەبینین زۆرینەی دانیشتوانی شاری كەركوك ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دێهاتەكانی چوار دەوری كەركوك هەموو كورد نشینن، توركمانەكان زۆر كەم لە دێهاتەكان دائەنیشن، بۆیە كۆچكردن لە الدێكانەوە بۆ ناو شار هەموو كورد بوون نەك توركمان.

نووسەر مامەڵە لەگەڵ كەمایەتیو زۆرایەتی وەك هاوپەیمانییەتی سیاسەی دەكات نەك وەك هاونیشتمانی هاوڵاتیان، لە سیاسەت ئەمە شیاوە بەاڵم لە مافی هاوڵاتی بوونداً كەمایەتیو زۆرایەتی نییە. بە گوێرەی ئاماری ساڵی ١٩٥٧ كە نووسەر هێناوییەتییەوە بە ئەمونە عەرەب ٢٨,٢٪ و توركمان ٢١,٤٪ نازانم چۆن٢١٪ كە توركمان كە دەبێتە برا و٢٨٪ كە عەرەبە لەو برایەتییە بێبەری دەبێت؟ ئەم ماستە نەك موو بگرە گوریسیشی تێدایە، هێنانەوەی ئەم ئامارە بە ئەمونە لەم وتارە لە قازانجی نووسەر نییە بۆ پاڵپشتی كردنی بۆچون و تیزەكەی، هەرچەندە كورد٤٨,٣٪یە نەك ٤٨٪ لەو ئامارەدا وەك بەڕێزی‌نووسیویەتی.

پێش ئەوەی خوێنەر سەرنجی وورد بدات و هەست بە توند بوونی هەڵوێست بكات بەرامبەر بە عەرەب كە نووسەر بۆ خۆی لە رابردوودا یەكێك بوو لە هەوادارانی بااڵی نەتەوەییە فاشیستیەكەی، پرسیار دەخاتە بەر دەمان كاتێك دەنووسێت:-

لەوانەیە هەندێ لە خوێنەرانی بەڕێز لە وەاڵمدا بڵێن خۆ ئەوەی بەسەر كوردو توركمان هات لەسەر دەستی عەرەبەكان نەبوو، بەاڵكو لەسەر دەستی ڕژێمەكانی عیراق بوو، ئەی باشە ئەگەر وایە، چی بڵێین بە بەشدار بوونی عەشیرەتە عەرەبەكانی عوبیدو جبور بەدەوەكانی شەمەڕی دەوروبەری كەركوك كە لەگەڵ سەربازەكان پەالماری دێهاتەكانی شوان، توزخورماتو كەالر و قادر كەرەم و جەباری و زەنگەنەیان دەدا تا ئەگەی بە سەنگاو، ئاغجەلەرو قەرەداغ مەڕومالآت و ئاومالیان هەبوو تاالنیان دەكردو كورد هەمیشە درووشەكانی ئەم تاالنكارینەی لەیاد ناچی كە لەكاتی هێرش و پەالماردانەكانیان دەیانوت "ئیحنا البدو ویحن العدو" بە تایبەتی لە ساڵی ١٩٦٣ پاشانیش لە هەڵمەتەكانی ئەنفال زیاتر لە ١٨٣هەزار كەسی كوردیان ئەنفال كردو بێ سەرو شوێن مانەوە و هەموو لە بیابانەكانی خواروی عیراق زیندە چاڵكران و هەندێكیانیش لە ئەترافی كەركوك بەم دواییە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس ئێسك و پروسكەكانیان دۆزرایەوە.هەڵمەتەكانی ئەنفال وەك لەكەیەكی ڕەش بە نێچەوانی بەعسیە فاشیەكانەوە دەمێنێ نەچەوانی هەموو ئەو كەس و ئەترافانەی لەگەڵیاندا بەشدار بوون هەتا هەتایە و گەڵی كورد كارەساتی ئەنفال و هەڵەبجەی هەمیشە لە بیر ناچێتەوەو دوای هەزارەها سالیش لە كۆی هۆشی گەڵی كورد عەمبار ئەكرێ، بەاڵكو زیاتر لە ملیۆنەها ساڵ بە پێی بۆچوونی دەروونناس یەنگ لە نەستی گەل ئەپارێزرێن.

منیش هەمان پرسیار دەكەم، دەتوانم بەڵگەش بهێنمەوە كە ئەوەی بەسەرمان هات ڕژێمی بەعس ئەنجامیدا بكەرەكانی تەنها عەرەب نەبوون، سەدان هەزار كورد بەشدار بوون لە پێكهێنانی دەزگا سەركوتكەرەكانی لە جاشی چەكدارەوە بۆ جاشی قەڵەم، لە جاشی شەعبییەوە بۆ تەهاكان، لە وەزیرەوە بۆ موستەشارەكان، ئەوانەی ئەنفالیان ئەنجامدا، ژن و منداڵیان گرت و دایانە دەستەوە زۆربەیان جامانە لەسەر بوون، ئەوانەی تاڵانیان كرد شەڕواڵ و مراتخانی لەبەر بوون. ئەگەر بەڕێزت ناوی چەند خێڵ و عەشیرەتی عەرەب دەنووسیت ئێمەش كە لەو كاتەدا قوربانی تاوانی ئەنفال بووین دەتوانین ناوی سەدان خێڵی جاش و ئامر مەفرەزەی موخابەرات بنووسین كە لە قۆناغە جیاجیاكاندا كۆڵوانە سوری بەعس بوون و بەشداریان كرد لە ئەنفال كردنی ١٨٢٠٠٠ كورد، لە ئەنفالەكاندا ژمارەی جاشە بەشداربووەكان گەلێك زۆرتر بوو لە ژمارەی سەربازە عەرەبەكان، ژمارەی بەرازیلییە سوورەكان گەلێك زیاتر بوو لە ژمارەی ئیڤاكان.

نووسەر خزمەتێكی گەورە بە كورد دەكات كاتێك ژمارەی ئەنفالەكان لە ١٨٢٠٠٠وە دەكاتە ١٨٣٠٠٠، ئەمەیان ئەگەر لە زەین كۆپی ماتماتیكیشەوە بێت جێگەی سوپاسە!!!. هەرچەندە لە تەواوی نووسینەكەی نوسەردا هەست بە الوازی بەڕێزی لە بواری ماتماتیكدا دەكرێت،الوازییەكی وا نەك مامۆستایەكی زانكۆ بگرە قوتابییەكی ئاسایی قۆناغی سەرەتایش نایكات.نووسەر ناتوانێت تا سەر وەك میژوو نووسێك مامەڵە بكات و بێ الیەنی خۆی لە الیەنداری لە تەوژمە سیاسییەكاندا بپارێزێت تا مسباقییەتی نووسینەكەی ئەمێنێت، كاتێك دەنووسێت:- ..... ئامانژم بۆ ئەم ڕووداوە كرد بۆ ئەوەی خوێنەری بەڕێز بزانی كە هەڵوێستی سەرۆك شارەوانێكی توركمان لەو بارودۆخەی كەركوك زۆر جیاوازی هەبوو لەگەڵ بارودۆخێكی كوردێكی كۆنە شیوعی ڕۆبێتان جاف كە بە تەواوی تەعلیماتی پارێزگارە بەعسیەكەی جێبەجێ دەكرد، وەك باسمانیش كرد بووبوە نۆكەری .خزمەتی وەلیدی ئەكرد نەك خزمەتی شارەكەی.

دوای البردنی نازم یالجی بۆ ماوەیەكی كورت كردیان بە سەرۆك شارەوانی تكریت، بەاڵم نازم هاتە الم و تكای لێمكرد وابكەم خانە نشینی بكەم لەبەر ئەوەی ناتوانی لە شاری تكریت كار بكا. ئەوە بوو وامكرد خانەنشین بكرێ بەراستی هەڵوێستەكانی نازم یالجی توركمان بە پیشتوانی وەزیرێكی كورد نموونەی راستەقینەی برایەتی كوردو توركمان بوو كە ئێستا زۆر پێویستمان بەم جۆرە نموونانە هەیە دوای پرۆسەی ئازادی كەركوك.

نووسەر لە ڕێگەی ئەم پەڕەگرافەوە دەیەوێت خۆی وەك وەزیرێكی دڵسۆز بناسێنێت بۆ كوردو كۆنەو شیوعییەكی بەعسی ڕوخاویش بكات بە نموونەی مرۆڤی خراپ، دیارە نە بەڕێزی لەو كاتەدا لەسەر هیچكام لە باڵەكانی پارتی (جەاللیو مەالیی)وە نە ڕۆبێتانیش لەسەر شیوعی مەحسوبن، ئێستای ئینتیمای مرۆڤەكان بۆ ئەندامانی پارتەكان مەحسوبە نەك ڕابردوویان، هەموو هێزەكان نموونەی كۆنە ئەندامی ڕۆبێتان ئاسایان هەیە بوونەتە گەورەترین خۆفرۆش، ئەگەر ڕۆبێتان ناوێك نموونەی كۆنە شیوعییەكان ئەوا ئەو حیزبە خاوەن سەدان داستانی وەك گاورباخییەو ئێستاش نزیكترین دۆستی گەلەكەمانەو هەزاران تێكۆشەری كردۆتە قوربانی.

پاشان دەنووسێت:-

د.نوری تاڵەبانی بە شێوەیەكی فراوان ئامااژەی بۆ ڕۆڵی دوو قائد فرقەی سوپای عیراق كردووە لە كەركوك، زەعیم روكن نازم تەبەق چلی و زەعیم روكن داود الجنابی و یەكەمیان ئەفسەرێكی قەومی بوو دووەمیانیش ئەفسەرێكی شیوعی بوو، هەردووكیان جێپەنجەیان دیار بوو لەسەر ڕووداوەكە، نازم تەبەق چلی پاڵپشتی توركمانەكانی نەگرت لە شارەكەو پاشانیش داود جەنابی پاڵپشتی شیوعییەكانی گرت.لە راستیدا هەردووكیان پاڵپشتی كوردییان نە دەگرت، پاڵپشتی پارتی دیموكراتییان نە دەگرت الیەنێك بوو لە بەرەی نیشتمانی لە كەركوك.

نووسەر لەم بەشەدا بە شاراوەیی ڕەخنە لە بۆچوونەكانی د.نوری تاڵەبانی دەگرێت كەلە ل٥٠ ی پەرتووكەكەی(منطقة كركوك و محاولات تغيير واقعها القومي) داود جەنابی بە دۆستی كورد ناو دەبات و سەردەمی دسەاڵتداریەتی ئەو لە شارەكەدا بە سەردەمی زێڕین ناو زەد دەكات بۆ كورد لە كەركوك . تەنانەت باس لەوەش دەكات الیەنگرانی پارتیش لە الدانی داود جەنابی لە سەركردایەتی فرقەی دوو نارازی بوون . دانانی تەبەق چلیو جەنابی لە یەك تای تەرازووداً بۆ كورد بێ ویژدانیەكی سیاسیە بەرامبەر میژوو، میژوو تەنها ٤ دەیە لێمانەوە دوورە نەك ٤هەزارە ، دەیان هەزار كەركوكی زیندوو، شایەد حاڵی ئەو كاتەن دەتوانن شایەدی بە ویژدانەوە بدەن لەسەر ئەم دوو كەسایەتیە ، تەبەق چلیەك بە هاتنی بۆ كەركوك یەكەم كاری لە كار خستنی سەرۆكی شارەوانی كەركوك كەكورد بوو دانانی یەكی دیكەی توركمان لە جێگەی ئەو.

بەڕێزی لە بەشی كۆتاییدا بابەتەكەییدا كە لە ژمارە ٢٦ی ئاسۆی بەروارى ٥-١٠-٢٠٠٤ بڵاوكراوەتەوە بابەتییانە دەچێتە ناو هۆكاری شەڕەكانی ساڵی ١٩٥٩ی كەركوكەوە، پاشان بە كوورتەیەكی دەنووسێت كەم ئەزموونیو بڵاوكردنەوەی دژایەتی بەچاوی خۆمان نابینین لە كەركوكدا؟ ئایا ئەم جۆرە نوسینانەش ناچنە پای ئەم كەم ئەزموونییەوە؟

لە كۆتاییدا دەتوانین بڵێین ئەم نووسینەی ڕێزدار ستار تاهیر شەریف زانیاری زۆری لەسەر بارودۆخی ئەو كاتی كەركوك تێدایەو دەوڵەمەندەو دەشێت كەڵكی لێوەربگیرێت و بە نەفەسێكی ئەنتی عەرەبیو ئەنتی كۆمەنیستیانە نووسراوە ، میژوو نووسی راستگۆ بێڵایەنانە مامەڵە لەگەڵ ئامارو هەڵوێست و الیەنە سیاسیەكان دەكات، تاكە الییەنداری ئەو بۆ ڕاستییە نەك بۆچوونێكی سیاسی یان نەتەوەیەكی دیاریكراو ئەگەر نەتەوەی خۆی و بۆچوونی سیاسی خۆشی بێت.